ئەوەندە لە سامانەکەی ببە بە دادپەروەرانە کە خۆت ومندالّەکانت پێویستتانە

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هیندی کچی عوتبە -خێزانی ئەبو سوفیان- هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتی:«ئەی پێغەمبەری خودا، ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە، بە پێی پێویست خەرجی ناکات بۆ من ومندالّەکانم، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە خۆم لە سامانەکەی (پارەکەی) ببەم بە بێ ئەوەی ئەو پێی بزانێت، ئایا لەم کارەدا گوناهبار دەبم؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموی: «»ئەوەندە لە سامانەکەی ببە بە دادپەروەرانە کە خۆت ومندالّەکانت پێویستتانە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

هیندی کچی عوتبە -ڕەزای خوای لێبێت- داوای فەتوای کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئەبو سوفیانی مێردی -ڕەزای خوای لێبێت-، وباسەکە ئەوە بوو کە ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە و بەپەرۆشە لەسەر پارە وسامانەکەی، و وەکو پێویست خەرجی ناکات لەسەر ئەو ومندالّەکانی، مەگەر خۆی (هیند) بە نهێنی لە پارەکەی دەربکات لەکاتێکدا ئەبو سوفیان پێی نازانێت، پرسیارەکەی ئەوە بوو: ئایا هیند گوناهبار دەبێت لەسەر ئەو کارە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لە پارەکەی هێنده ببە بۆ خۆت ومندالّەکانت بەپێی ئەوەی باوە وزانراوە کە پێویستی پر دەکاتەوە ودادپەروەریە ئەگەرچیش ئەو پێی نەزانێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2965